# ململانێ، تەوەری سەرەکی داستان و ئەفسانەی سۆمەرییەکان بوو

## (ململانێ بنەمای بوون و ژیانە)

محەمەد سلێمان عەباس

ململانێ لە پێناو مانەوەدا، چەند لایەنێکی هەیە، لە لایەک خۆگونجاندن لەخۆ دەگرێت لەگەڵ سەختی و دژواری سروشت و گۆڕانکاری کەشوهەوای وەرزی، لە لایەکی دیکەوە ململانێی تاکەکان لە پێناو خۆراک و بژێوی و شوێنی حەوانەوە لە خۆدەگرێت. ململانێی تاکێک لەگەڵ تاکێکی دیکە، لەهەمان جۆر، یان ڕەگەز، یان ڕەگەزێکی دیکە، شتێکی سروشتی بوو، بەگوێرەی یاسای چڕنووک و ددان، کەچی ململانێی کۆمەڵ (گرووپ)ێک لەگەڵ کۆمەڵێکی دیکە، مانا و دەلالەتێکی زیاتری هەبووە، هەروەها ململانێ لە پێناو مانەوەدا مانا و ڕۆڵێکی دیکەی هەبووە و گۆڕاوە بۆ ململانێ لەسەر ئاستێکی دیکە.

یەکگرتوویی کۆمەڵگەی کۆن بەند بووە بە ڕەوش و هەڵوێست لە سروشت، کە ئایا تاک توانیویەتی لە بەرانبەر سروشتدا پارێزگاری لە بوون و مانەوەی خۆی بکات، یانیش لە ناوچووە (١). کاتێک مرۆڤی بەرایی ململانێی لەگەڵ سروشتدا کردووە و نەیتوانیوە بەسەریدا زاڵ بێت، پەنای بردووەتە بەر خەیاڵ و دێوێکی بۆ خۆی چێ کردووە لە پێناوهێنانەدی ئەو شتەی لە واقیعدا بەدەستی نەهێناوە (٢).

لە ڕوانگەی (دۆرکهایم)ەوە، بیرۆکەی ململانێی شارستانیەتی کە ململانێیە لە پێناو بوون، ڕۆڵی

هەبووە لە پەیدابوونی دابەشکردنی کار(تقسیم العمل) و خودی ململانێ گۆڕانکاری لە بوون و کاردا، دێنێتە کایەوە.

وەک بڵێی دابەشبوونی کار، بریتییە لە بەرهەم، یان گوزارشتە لە زنجیرەیەک ململانێ، هەر لەوکاتەی ململانێ لە نێوان مرۆڤ و ژینگەدا پەیدابووە، لێرەدا دۆرکهایم دەیەوێ بڵێ، کە شارستانیەت بەرهەمی ململانێیەکی درێژە لەو زنجیرە پێشکەوتن و گۆڕانکارییانەی لە سیستمی دابەشبوونی کاردا، ڕوویان داوە (٣).

کاتێک لە بنەمای بەردەوامبوونی مانەوەی شارستانیەتی کۆنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکۆڵینەوە، ئەوەی یەکەم شت لەو کولتوور و شارستانییەدا سەرنجمان ڕادەکیشێ، بریتییە لەو خۆ گونجاندنەی کە لەو ڕۆژگارەدا هەبووە و باوبووە، کە وای لە مرۆڤەکە کردووە هاوسەنگی لە نێوان بیروسۆز(الفکر و العاطفة)یدا هەبێت و واقعیانە بڕوانێتە ڕۆژگاری ژیانی، هەروەها لە پێوەندیی کۆمەڵایەتی و ئایینی و خێزانیدا، هەستێکی بە سۆزی هەبێت، مرۆڤی ئەو ڕۆژگارە هێشتا لە ژینگە و دەوروبەر نزیک بوو، سەرەتا خۆی لەگەڵیدا گونجاندبوو، دواتر هەوڵی داوە جووڵە و پێوەندییەکانی لەگەڵ سروشتدا ڕێک بخات و پێش ئەوەی دیاردەکانی گەردوون شی بکاتەوە و بەدوای هۆکاری گۆڕانکارییەکانی سروشتدا بگەڕێت، لە ڕێگەی سۆز و هەڵچوونی دەروونییەوە ڕووبەڕووی گۆڕانکارییەکانی سروشت دەبووەوە، دڵخۆش دەبوو بەو دیاردانەی هێما و ئاماژەی دڵخۆشی بوون و پەشێو و خەمبار دەبوو بەو شت و دیاردانەی مایەی خەم بوون، بڕوای وابوو ئەو سۆز و هەستانە پەیوەستن بە گۆڕانکاری و دیاردەکانی سروشت، بۆیە جەژن و سرووتی بۆیان دانا و ڕێک خست و



**دۆرکهایم**

لە هزر و خەیاڵی خۆیدا بەم جۆرە دەتوانێت وەک هێزیکی کارا لەو گۆڕانکارییانەدا بەشدار بێت کە لە دەوروبەریدا ڕوودەدەن. ئەو وەک بینەرێک، هەڵدەچوو حەزی دەکرد- لە ململانێدا بەشداربێت- لە تەک ئەوەی لایەنی خۆشی دەوێ، هەروەها هەست دەکات دەبێ هاوکاری بکات و لە پێناوی ئەوەی خۆشی دەوێ قوربانی بدات و هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازێت (٤).

لە میانەی ئەزموونەکانی ژیان و بەسەرهات و ڕووداوەکان، ڕۆژانەی دەوروبەر و سروشت، مرۆڤی کۆن گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە جووڵەی بەردەوام بنەمای سروشتە، بۆیە بیرۆکە و ڕامانەکانی بەگوێرەی ئەو تیۆرە بنیاد نا، بڕوای بەوە نەبووە شتێک هەبێت بوونێکی ڕەهای هەبێت و نەجووڵێت و نەبزوێت و لەگەڵ دەوروبەر کارلێک نەکات.

هێندێک شارستانی دیکە هەوڵیان دا هۆکاری سەرەکی جووڵە بزانن و شی بکەنەوە، لە

ئەنجامـدا نەگەیشـتنە مەبەسـت و هەوڵەکانیـان بـی ئەنجـام بـووە.

کەچـی مرۆڤی شارسـتانیەتی کۆنـی میزۆپۆتامیا، دیـد و ڕوانینـی وابـووە کـە هـۆکاری سـەرەکی و ڕاستەقینەی پشت هـەر جووڵەیـەک، بریتییـە لـە ململانـێ. ململانـێ لـە پێنـاو سـەرکەوتن، پاشـان دووبـارە ململانـێ لـە خولێکی بێ کۆتاییـدا، بڕوای بـە جیهانێک نەبـووە بێ ململانێ، چونکە هەمیشـە چاکە و خراپە، سیسـتم و پەشـێوی، شـەو و ڕۆژ، ژیـان و مـردن هەبـووە، کەچـی جێگیـری و ئارامـی ئـەوە بریتییـە لـە سـەرکەوتنێکی کاتـی، هێزێـک بەسـەر هێزێکـی دیکـەدا، دوای ئـەوە دووبـارە ململانـێ دەسـت پـێ دەکاتـەوە.

لـە ڕوانینـی مرۆڤـی سـۆمەری، مـەرج نییـە توندوتیـژی چەکـی سـەرکەوتنی بێـت، وەک چـۆن لـە ململانێـی بەراییـدا، هەندێـک کات دانایـی و حیکمـەت، لـە ململانێـدا چەکـی بـووە.

مرۆڤـی شارسـتانیەتی میزۆپۆتامیـا، خەیـاڵ و وێنـای کۆمەڵگەیەکـی یۆتۆبیایـی و فیردەوسـی زەمینـی نەکـردووە، کـە تێیـدا مرۆڤـەکان لـە ئارامی و ئاشـتییەکی هەمیشـەییدا بژین، هەر وەک لای شارسـتانیەتەکانی دیکـەدا باوبـووە. مرۆڤـی سـۆمەری کاتێـک وێنـای ژیـان و کۆمەڵگەیەکـی یۆتۆبـی کـردووە، لەبـەر ئەوەبـووە تاکـوو ڕەتـی بکاتـەوە.

لـە دەقیکـی سـۆمەریدا، کۆمەڵگـەی ڕابـوردوو، بـەم شـێوەیە وەسـف کـراوە:

**لەو سەردەمدا نە مار هەبوو نە دووپشک**
**نە کەمتیار هەبوو نە شێر**
**نە سەگ هەبوو نە گورگ**
**نەترس هەبوو نە تۆقین**
**مرۆڤ هیچ دوژمنێکی نەبوو**
**گەردوون هی هەمووان بوو، میللەت یەکگرتووبوو**

**ئەو ڕۆژگارە بە یەک زمان ستایشی ئینلیل دەکرا**
**پاشـان باوکـی سـەروەر، باوکـە میـر، باوکـە شـا، ئینکـی تـووڕە بـوو.**

لـەو دەقـەدا دەردەکەوێت، کـە خواوەنـد ئینکی ئـەو دۆخـەی گـۆڕی و ململانـێ بـووە بنەمـای ژیـان.

وەلـێ ئامـراز و هۆکارەکانـی بەردەوامبـوون لـە ململانێدا بریتیـن لـە گەشـەکردنی مرۆیـی بەهـۆی زانسـت و حیکمـەت و هاوسـەنگیی ئـاکاری.

**- ململانـێ لەگـەڵ پەشـێوی، یـان شـپرزەیی ئـاوی بەراییـی:**

لـە میانـی داسـتانی ئەفراندنـی بابلـی (ئینومـا ئیلیـس)، واتە (کانـی لـە بەرزاییـدا)، کۆنتریـن نموونـەی ململانـێ دەبینرێـت، کاتێـک نووسـەری داسـتانەکە باسـی تیامـەت (توعامـە) دەکات و وەسـفی دەکات، کـە ئەژدیهـای هـەوری ڕەشـە و پێکهاتەیەکی شێواوە لـە ئـاوی ڕووبار و دەریـاکان و دایکـی گشـت خواوەندانـە. ئـەوە بـوو ململانـێ لـە نێـوان تیامـەت و کوڕەکانـی پەیدابـوو، ئەوجـا جەنـگ و ململانـێ لـە نێـوان هـەردوو لا (تیـپ) دروسـت بـوو. خواوەنـدە گەنجـەکان ترسـیان لـێ نیشـت و شـپرزە بـوون، تەنیـا یەکێکیـان لـەو شـپرزەییە ڕزگاری کـردن، کـە (ئییـا)ی خواوەنـد بـوو، کـە بازنەیەکـی ئەفسـووناوی بـەدەوری هاوڕێیەکانـی کێشـا تـا لـە زەبروزەنگـی بـاوکان بیانپارێـزێ، پاشـان چاوەزارێکـی سیحری دروست کـرد و هاویشـتییە سـەر (ئاپسـو) و خـەوی لـێ کـەوت، ئەوجـا (ئییا) کڵاوی هێز و پاشایی لەسـەر (ئاپسـو) لابـرد و خسـتییە سـەری خۆیـەوە.

لـە دەقەکـەدا هاتـووە کـە (تیامـەت- تەعامـە)، لەشـکرێکی زەبەلاحـی لـە بوونـەوەری وەکـوو مـار و خشـۆک و ئەژدیهـا و گیانـەوەری دڕنـدە

ئامادەکرد، کینگۆی خواوەندی کرد بە ڕابەری ئەو سپایە و تابلۆی قەدەری بە سینگیدا هەڵواسی، لێرەدا دەبینین، ئامادەکاری بۆ جەنگ لەلایەن تیامەت، بریتییە لە هێزە تێکدەرەکانی سروشت.

تیپەکەی تر زانییان تیامەت و هاوەڵەکانی چ پلانێکیان داناوە، بەترس و دڵەڕاوکێوە کۆبوونەوەیان کرد، هەموویان بیریان لە چارەنووسی خۆیان دەکردەوە، لە ناکاو (ئەنشار) بیری بۆ مەردۆخ چوو، ناردیان بە شوێنیدا و دوای ئەوەی هاتە لایان و ڕەزامەندی دەربڕی بچێت بە گژ تیامەت و سپاکەی، بە مەرجێک پلەی شانازی و هەموو جۆرە دەسەڵاتێکی بدەنێ، ئەوانیش ڕازی بوون، هەروەها هێزی بڕیاردان قەدەر و چارەنووسیان دایە دەست مەردۆخی خواوەند، هێزی وشەی خوڵقێنەریشیان پێ دا.

ئەوجا مەردۆخ چەکە جۆراوجۆرەکانی خۆی ئامادەکرد بۆ شەڕ کە بریتیبوون لە تیروکەوانێکی تایبەتی و تۆڕێکی زەبەللاحی دروست کرد و فەرمانی بەهەر چوار بایەکە کرد، کە هەریەکەیان لایەکی بگرن، هەروەها برووسکەیەکی پێش خۆی نارد تا ڕێگاکەی بۆ بکاتەوە و زریانی توندی دایە پێش خۆی، بەرەو لای تیامەت دەرپەڕی.

کاتێک هەردوو گرووپەکە بەرانبەر یەک وەستان، مەردۆخ و تیامەت شەڕیان لەگەڵ یەکتردا کرد، مەردۆخ تۆڕەکەی بڵاوکردەوە کە بایەکان هەڵیان گرتبوو و هەڵیدایە سەر (تیامەت)، کاتێک تیامەت زاری کردەوە تا قووتی بدات، مەردۆخ بای شەیتانی پاڵنایە سکییەوە و ئاوساو نەیتوانی بجووڵێتەوە، لێرەدا مەردۆخ تیرێکی هاویشت و چووە ناو هەناوی (تیامەت) و دڵی کرد بە دوو لەتەوە و کەوتە سەر زەوی، بەو جۆرە مەردۆخ کوشتی، ئەوجا ئاوڕی لە (کینگۆ) ڕابەری سپاکەی دایەوە و هەڵیدایە نێو زنجیرەوە و تابلۆی قەدەری لێ داماڵی و بە سینگی خۆیەوەی هەڵواسی.

لێرەوە سپاکەی (تیامەت) زۆر بەخراپی بەزی و زۆربەیان هەڵاتن و ئەوەی کوژرا کوژرا، ئەوەیشی بەدیل گیرا بەدیل گیرا (٥).

توێژەر (جاکوبسن) بڕوای وایە کە ئەو ململانێیەی نێوان خواوەندی مەردۆخ لەگەڵ (تیامەت) و هێزە شەڕخوازەکان، بریتییە لە وەسفێکی درامی بۆ لافاوەکانی بەهار، کە لە ئاکامدا لافاوەکە کارەساتێکی تێکدەر بووە، ڕووەک و درەخت و ئاژەڵ و سەوزایی لەناوبردووە، پاشان بایەکان ڕۆڵیان هەبووە لە وشککردنەوەی زەوی و گەڕاندنەوەی ژیان بۆیان.

لێرەدا تێبینی ئەوە دەکەین، کە سەرکەوتنی مەردۆخ بەسەر (تیامەت)دا، زیاتر لەڕێگەی دانایی و زیرەکی بوو، نەک بەهۆی بەکارهێنانی توندوتیژی (٦).

داستانەکە وەسفکردنی ململانێیەکی دژوارە لە نێوان هێزە سروشتییەکانی خاکی میزۆپۆتامیا، کە مرۆڤەکانی ئەو ڕۆژگارە لەنێو ئەو ڕووداو و کارەساتانەدا ژیاون، ئەمەش مانای وایە، کە ململانێ و ئاکام و گۆڕانکارییەکانی، ڕۆڵێکی دیار و کارایان لە ناو سیستمی باوەڕداری مرۆڤی کۆندا هەبووە، کاتێک کە مەردۆخ بە ڕزگارکەر و تۆڵەستێن وەسف کراوە.

ئەو جۆرە کارەساتە سروشتیانە، کە ڕووبەڕووی مرۆڤ بووەتەوە، ڕەنگدانەوەی لەسەر بیروباوەڕی ئایینەکەی هەبووە، بۆیە ئەویش - مرۆڤەکە - لەڕێگەی سرووت و ئەفسانە چارەسەری کردووە، کە سرووتەکان دەبنە مایەی هیوا و ئارامیبەخش بە دەروون و بە دانایی کاهینەکان و سەرکردەکانی

گەل، نوێنەرانی خواوەند لەسەر زەوی.

هەستی بەشداریکردن لەکاتی بوونی ململانێ لەگەڵ سروشتدا، لەلای مرۆڤەکانی ئەو ڕۆژگارە هەبووە، دەقە ئایینییەکانیش وەک بابەتێکی ڕۆشنبیری و ئاراستەکردن لەپێناو تێگەیشتن لەمانای ململانێ بەکار دەهات (٧).

- ململانێ لەگەڵ چارەنووس: ئەم داستانە باس لە گلگامێش دەکات، کە بابەتی ململانێ و هەڵوێستی مرۆیی لەخۆ دەگرێت، بابەتی ململانێ لەو داستانەدا، لە نێوان: کێوی و شارنشین، لەنێوان خۆشەویستی و ڕق و قینە، لەنێوان هاوڕێیەتی و دوژمنکاری، ژیان و مردن، ویست و چارەنووسە.

یەکێک لە بابەت و تەوەرەکانی داستانەکە بریتییە لە ململانێ لە نێوان کێوی و شارنشین، چەکی شارنشین تێگەشتن و خۆشەویستی و حیکمەتە، کەچی چەکی کێوی توندوتیژییە، کاتێک ئافرەتێک دەنێرنە ناو دارستان بۆ دەستەمۆکردنی (ئەنکیدۆ)، کە ئەنکیدۆ ئافرەتەکەی بینی، بۆی پێدەکەنێ و بەجەستەی نمایشی بۆ دەکات، بەرەو ڕووی هات و خۆی بەستەوە دا، دوای ئەوە ئافرەتەکە بۆ ماوەی شەش ڕۆژ لەگەڵ ئەنکیدۆ ڕاییوارد، لە ئەنجامدا توانایی و هێزەکەی جارانی نەماو وەک کێوی نەمایەوە، بەم جۆرە یەکەم تەوەری ململانێ بەسەرکەوتنی شارنشین بەسەر کێویاتی، لەڕێگەی چەکەکانی ئافرەت، کۆتایی هات کە بریتی بوون لە خۆشەویستی و نمایشکردن (٨).

لە تەوەرێکی دیکەی داستانەکەدا ئەوەیە، ململانێیەکی دیکە لەناو دەروون و خودی گلگامێشدا پەیدابوو، کە بریتییە لە ململانێی مرۆڤ لەگەڵ خود و چارەنووسی خۆی، کە بوونێکی سنوردارە بە لە دایکبوون و مردن، کەچی هیوا و خواستی گلگامێش ئەوەبوو نەمری بەدەست بێنێت و لەو سنوورە دەرچێت.

بەگوێرەی داستانەکە گلگامێش سەرکەوتوو نەبوو لە بەدەست هێنانی نەمری، لەبری ئەوە سەرکەوتن بۆ (مار) بوو، کە گیایەکەی نەمری لە گلگامێش دزی و نەمری بەدەست هێنا.

چیرۆک و داستانی گلگامێش نموونەیەکی واقعییە لەبارەی ئەو ململانێیانەی ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبنەوە، و نەخشە و سنوور بۆ هیوا و خواستەکانی مرۆڤ دادەنێن (٩).

کاتێک مرۆڤی کۆن دانی بەوە دانا کە ململانێ بنەمایەکە لە بنەمایەکانی جووڵەی سروشت، ئەوە واتای وایە، ناڕاستەوخۆ باوەڕی بەوە هێناوە کە ململانێ لە نێوان دژ، یان ڕکابەر، پێویستی بە هاوسەنگیی هێز لە نێوانیاندا هەیە، ئەگەر وانەبێت، ئەوە دۆڕان و بەزینی یەکێکیان، بەزینێکی کۆتایی دەبێت.

بەگوێرەی ئەو چەمکەی هاوسەنگیی هێز لە نێوان هەردوو ڕکابەر، سرووتەکانی خۆشی و شادی مەرجداربوون بە سرووتی خەم و مەینەتی، بۆیە مرۆڤ هیوای بەدەستهێنانی سەرکەوتن و دەستکەوتی بەستەوە بەوەی تا چەند بۆی ڕەخساوە کۆشش و هەوڵ بدات (١٠).

ڕوانینی مرۆڤی سۆمەری، سەبارەت بە گەردوون و بوونەوەرەکان، وابوو کە ئەو بەشێکە لە سروشت.

ئەو سروشتەی خواوەندەکان ئەفراندوویانە، جیاوازی نییە لەگەڵ دیاردەکانی دیکەی سروشت، وەک ئاژەڵ و ڕووەک و بەرد و با و باران، بەڵام لە هەمان کاتدا هەستی بەوە دەکرد، لەناو گەردووندا چەندان دیاردەی دژ بەیەک هەن، وەک شەو و ڕۆژ، هاوین و زستان، زەوی و ئاو، هەروەها لە نێوان خواوەندەکان و ئەهریمەنەکان.

مرۆڤـی ئـەو ڕۆژگارە لـە ژینگەیەکدا دەژیا، کە دیاردەکانـی توندوتیـژی و ململانـێ تێیـدا بـاو و بەرچاوبـوون، بۆیـە ویسـتوویەتی، یـان حـەزی کـردووە، بەشـێک بێـت لـەو ململانێیـەی نێـوان دیاردەکانـی سروشـت، کەواتـە مـرۆڤ بەچـاوی خـۆی تێبینـی ئـەو ململانێیـەی کـردووە لـە نـاو گـەردوون و دیاردەکانـی سروشـتدا هەبـووە، وەک لافـاو، گۆڕانـی وەرزەکان...

ئـەوەی لـە ئەدەبـی سـۆمەری ماوەتـەوە وەک ئەفسـانە و داسـتان و شـیعر، پشـتگیری لـەو بۆچوونـەی ئێمـە دەکـەن کـە ململانـێ بابـەت و تـەوەری ئەدەبـی سـۆمەری بـووە.

شارستانیەتی مرۆیی لە سـەردەمی سۆمەرییەکاندا لـە میزۆبۆتامیـادا توانـی بگاتـە ئاسـتێکی بـاش لـە پێشـکەوتن، ئـەو پێشـکەوتنەی نەدەهاتـە دی، بنیـاد نەدەنـرا، بەبـێ هەسـتکردن بـە ڕەتکردنـەوەی هەندێـک بەهـا و دەزگای دیاریکـراو، هەروەهـا بـە ئالەنگارییـەکان، کـە بـەردەوام لـە نـاخ و خـودی مرۆڤەکانـدا بەرەنگارییـەکان سـەریان هـەڵ دەدا، کـە لەکۆتاییـدا لـە ململانێیەکانـی مرۆڤـدا لەگـەڵ سروشـت و دیـاردە جۆراوجـۆرەکان، یـان بەهـا کۆمەڵاتییـەکان ڕەنگـی دایـەوە (١١).

کەواتـە ململانـێ وەک گوزارشـتێکی مرۆیـی لـە بەرانبـەر سروشـت و کۆمەڵگـە، لـە واقیـع و کـرداری مرۆیـی کۆنـدا، ئامادەیـی هەبـووە.

لەگـەڵ ئەوەشـدا نابێـت ئـەوە لەبیـر بکەیـن کـە مرۆڤـی سـۆمەری بـڕوای وابـوو، کـە ململانـێ ئەرکێکـی سـەرەکی خواوەندەکانـە، چونکـە ئـەوان چارەنووسـی گـەردوون و مـرۆڤ دەستنیشـان دەکـەن و پلانیـان بـۆ دانـاوە (١٢).

هەندێک نموونەی دیکە، ئەفسانەی سۆمەرییەکان کـە ململانـێ تەوەرێکـی سـەرەکییە، بریتییـە لـە ئەفسـانەی (دانەویڵـە و پـەز)، هەروەهـا ململانێـی نێـوان هاویـن و زسـتان، کـە خواوەندان (ئیمیـش) و (ئیتـن)، خواوەنـدی هەریەکەیـان بـوون.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**


١- المجتمع، تأليف، ر. م. ماكيفر، ترجمة: سمير نعيم احمد، مصر، ١٩٧١، ل٩٤٧.

٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٦٧.

٣- رادكليف براون، تاليف، قباري محمد إسماعيل، مصر، ١٩٧٧، ل٢٨١.

٤- البنيـة الذهنيـة الحضاريـة فـي الشـرق المتوسطي القديم، تأليف، يوسف الحوراني، دار النهـار، بيـروت، ١٩٧٨، ل٢٧٧.

٥- سەرکێشی یەکەمی عەقڵ، فیراس السـواح، وەرگێڕانـی نـەوزاد ئەحمـەد ئەسـوەد، دەزگای جەمـال عیرفـان، ٢٠٢١، ل٦٦ – ٦٧.

٦- البنية الذهنية الحضارية، ل٢٨٣.

٧- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٦.

٨- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٣.

٩- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٠.

١٠- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣٣.

١١- مجلـة افـاق العربيـة، عـدد -٧- ، سـنة ١٩٧٨، ل٥٥.

١٢- سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢.